# پاشكۆی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق

# بۆ ماوەی گواستنەوە

لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لە مادەی دووەم بڕگە(1/ب)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوەدا هاتووە, ئەنجومەنی حوكم لە دانیشتنی ڕۆژی 2004/6/1 بڕیاری دا ئەم پاشكۆیە دەربكات:

## بەشی یەكەم

## پێكهاتەی حكومەتی كاتیی عێراق

حكومەتی كاتیی عێراق كە بە گوێرەی ڕاوێژی فراوان لەگەڵ گشت توێژەكانی كۆمەڵگای عێراق هاتۆتە كایەوە و پێكهاتووە لەو هاوڵاتیانەی كە بە لێهاتوویی و دەستپاكی ناسراون, لە وادەیەك كە لە 30 حوزەیرانی 2004 تێنەپەڕێت, دەسەڵاتی سەروەری حكومڕانی عێراق دەگرێتەدەست, حكومەتی كاتیی كاروباری عێراق بەڕێوەدەبات. بەتایبەتیش كار بۆ وەدیهێنانی خۆشگوزەرانی و ئاسایش بۆ گەلی عێراق دەكات و هانی ئاوەدانكردنەوەو پەرەپێدانی ئابووری دەدات و زەمینە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێكی نیشتمانی خۆشدەكات كە ئەگەر بكرێت نابێت وادەكەی لە 31 كانوونی یەكەمی 2004 تێپەڕ بكات و بەهەرحاڵ لە 31 كانوونی دووەمی2005 نەترازێت. ئەم حكومەتە بەو سیفەتەی حكومەتی كاتییە, خۆی لەهەر كارێك دوور دەخاتەوە كە كاریگەری بەسەر چارەنووسی عێراقەوە هەبێت لەدوای ماوەی كاتیی دیاریكراودا, ئەو جۆرە كارانەش پێویستە بۆ ئەو حكومەتانە هەڵبگیرێت كە گەلی عێرا ق لە پاشەڕۆژدا بەشێوەیەكی دیموكراتی هەڵیان دەبژێرێت.
ئەندامانی حكومەتی كاتیی لەبەردەم سەرۆكی باڵاترین دەسەڵاتی دادوەریی لە عێراقدا سوێند دەخۆن, حكومەتی كاتیش كاتێك حكومەتی گواستنەوە لەئەنجامی هەڵبژاردنەوە پێكدەهێنرێت, خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە.

## بەشی دووەم

## دامەزراوەكانی حكومەتی كاتیی عێراق و دەسەڵاتەكانی

حكومەتی كاتیی بە گوێرەی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە كاردەكات, ئەم حكومەتە سەرۆكایەتی دەوڵەت(كەلە سەرۆكێك و دوو جێگر پێكدێت) و ئەنجومەنی وەزیران بەسەرۆك وەزیرانیشەوەو ئەنجومەنێكی نیشتمانی كاتیی و دەسەڵاتی دادوەریی دەگرێتەوە. تەنیا ئەوە نەبێت كە هاوپەیوەندە بە بەبەشی نۆیەم لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتیعێراق یان ئەوەی پێچەوانەی ئەم مەسەلەیە لەم پاشكۆیەدا هاتووە, ئەوا ئەوەی لەبارەی حكومەتی گواستنەوەی عێراق و دامەزراوەكان و لێپرسراویتیەكانی لەم یاسایەدا هاتووە بەسەر حكومەتی كاتیی و دامەزراوو بەرپرسەكانیدا جێبەجێ دەبێت.
حكومەتی كاتیی ڕێز لەو پابەندبوونانە دەگرێت كە لەو یاسایانەدا هاتووە كە بۆ ماوەی گواستنەوە و بنەما بنەڕەتیەكان و مافەكانی گەلی عێراق دەگەڕێتەوە.

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.fineprint.com

دامەزراوەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان و ئەو پارێزگاو شارەوانیانەی سەر بە حكومەتن, بە گوێرەی ئەم یاسایە كاردەكەن.
ئەنجومەنی وەزیرانیش بەرەزامەندی سەرۆكایەتی دەوڵەت بەتێكرای دەنگ بۆی هەیە فەرمانی ئەوتۆ دەربكات كە هێزی یاسایان هەیە و كاریان پێ دەكرێت تاكو لەلایەن حكومەتە هەڵبژێردراوەكانی عێراقەوە هەڵدەوەشێنرێنەوە یان هەموار دەكرێن.
ئەنجومەنی وەزیرانیش ئەو دەسەڵاتەی دەبێت كە لەم یاسایەدا بە كۆمەڵەی نیشتمانیی دراون سەبارەت بە دامەزراندن و بەكارهێنانی هێزە چەكدارەكانی عێراق و مۆركردنی رێكەوتننامە نێودەوڵەتیەكان. هەروەك حكومەتی كاتیی نوێنەرایەتی عێراق دەكات لە پەیوەندیە دەرەكیەكاندا, بەڵام دەسەڵاتی لە بەستنی رێكەوتننامە نێودەوڵەتیەكاندا لەبوارەكانی پەیوەندی دیبلۆماسی و كۆمەك و یارمەتیە نێودەوڵەتیەكان و كوژاندنەوەی قەرزە سەروەریەكانیان قەتیس دەبێت, ئەندامانی دادگای باڵاش دادەنێت بەو مەرجەی ئەمە لەلایەن سەرۆكایەتی دەوڵەت لە حكومەتی گۆاستنەوەی هەڵبژێردراو لە ماوەی 90 رۆژ بەسەر وەرگرتنی دەسەڵات و بە كۆی دەنگ پەسند بكرێت.

# بەشی سێیەم
# ئە نجومەنی نیشتمانیی كاتیی

ئەنجومەنی نیشتمانیی كاتیی, لە رێی كۆنگرەیەكی نیشتمانیەوە پێكدەهێنرێت و دەست نیشان دەكرێت كە لە بەغدا لەماوەی مانگی تەمموزی 2004 دەبەسترێت.
كۆنگرەی نیشتمانیی لەرێی دەستەیەكی باڵا رێكدەخرێت كە چەند ئەندامێكی ئەنجومەنی حوكم لەوانەی پۆستی حكومیی دیكەیان وەرنەگرتووە, هەروەها نوێنەرانی هەرێمەكان و پارێزگاكان و ئەو كەسایەتیە عێراقیانە دەگرێتە خۆی كە بەلێهاتوویی و دەستپاكی ناسراون.ئەنجومەنی نیشتمانیی كاتیی لە 100 ئەندام پێكدێت, لەوانەش ئەو ئەندامانەی ئەنجومەنی حوكم كە لەسەرەوە ئاماژەیان پێكراوە.
ئەنجومەن بەشێوەیەكی دەوریی كۆدەبێتەوە بۆ هاندانی دیالۆگی بنیاتنەرانەو پێكهێنانی كۆدەنگیەكی نیشتمانی و پێشكەشكردنی راوێژ بە بەرێز سەرۆك كۆمارو دوو جێگرەكەی و ئەنجومەنی وەزیران. هەروەك ئەنجومەنی نیشتمانیی كاتیی دەسەڵاتی چاودێریكردنی جێبەجێ كردنی یاساكان و بەدواداچوونی كارەكانی دەستەكانی راپەراندن و دانانی بەرێز سەرۆك كۆمار یان یەكێك لە دوو جێگرەكەی لەكاتی دەست لەكار كێشانەوە یان كۆچی دوایی دا دەبێت. هەروەك مافی لێپرسینەوەی سەرۆك و ئەنجومەنی وەزیرانی دەبێت, ئەنجومەن بۆشی هەیە كە فەرمانە جێبەجێكاریەكان بە كۆی 3/2 ی دەنگی ئەندامەكانی هەڵبوەشێنێتەوە, ئەویش لەماوەی 10 رۆژ لە رۆژی پێراگەیاندنی ئەو فەرمانانەی كە لەلایەن سەرۆكایەتی دەوڵەتەوە پەسندكراون. هەروەها ئەنجومەنی نیشتمانیی كاتیی دەسەڵاتی پەسندكردنی بودجەی نیشتمانی عێراقی بۆ ساڵی 2005 (كەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار دەكرێت) و دانانی پەیرەوی ناوخۆی ئەنجومەنی وەزیرانی هەیە.

ئەنجومەنی حوكم
بەغدا– **2004/6/1**

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.fineprint.com